# ئەی ڕەقیب!

شوان محەمەد

من و تۆ پێکەوە گەیشتینە ئەم کۆتاییە...
تۆ بە سەمای جارییەکان و سرودەکانی جەنگەوە
من بە کزانەوەی زام و مێژوویەک لە فەرامۆشی
تۆ بە کەژاوەی گالیسکەی قورس، تانجی چاوتیژ،
ئەسپی شەکەت
من بە خەونێکی بزڕکاو.. بە نوکی تیژی تیشکی خۆر
تۆ بە نەخشە قەدکراوەکانی ژێر سەرینەکەت
من بە وڵاتێکی گرمۆڵە ـ تێپەڕیو بەناو دۆزەخدا
تۆ بەسەر دەستەکانی جیهانەوە
من بەژێر لوتی قەدەرێکی توندڕەو و بێقەوارە
تۆ بە شمشێر و قەڵغان و کڵاوی ئاسنین
من بە سیحری هەناسەکانی پاشمەرگ..
گەیشتینە ئەم کۆتاییە.

بەو هەنگاوە گیرانەی ماسولکەکانی دەکڕانم
بەو هەرەسە مەرگهێنەرانەی..
چاوساغەکانمی بە زیندوویی داپۆشی
بەو ئاوڕدانەوە خە مناکانەی گۆڕی باپیرە چاوکزەکانمی تیا ونبوو
بەو پەڕینەوە سەختانەی داپیرە حیکایەتخوانەکانمی بە بارمتە بردوو نەیدامەوە..
گەیشتمە ئەم کۆتاییە.

سامناکبوون ئەو سەدە خاو و نەفرەتاوییانەی
نهێنیەکانم بەکۆمەڵ خۆیان تیاکوشت
سامناکبوو ونبوونی من لە کەمبوونەوەدا
سامناکبوو دەوربەر.
هەموو ئەو سەدە خاوانەی جیهان داوەتی ئاهەنگەکانی تۆبوو
دیار ـ ی من لە چاوی ئایندەیەکی دەنگنووساو و تۆقیودا کزەی دەهات

هەموو ئەو سەدە خاوانە..
من برینێکی بزواوبووم لەسەررڕێی ئاهەنگەکانا
کەسێ نەبوو۔ ئەی ڕەقیبی بەختەوەر ۔
هیچ کەس نەبوو،
من لەپێچی خەیاڵێکیی خۆیدا دابنێ و تێپەڕێ.

ئەمە کۆتاییە ئەی ڕەقیب
ئیدی من وتۆ پێکەوە گەیشتینە ئەم پەیمانە.
کە تۆ تیایدا بە ڕقە چێژدارەکانت دەڵێی:
داتاشرێن ئەی بەهرە خودابەخشەکان
وە من بەخوێنی خۆم دەڵێم:
خەستبەرەوە ئەی فەریادڕەس..
هێندەی نەماوە بۆ کوشتارێکی تر.

نەرویج ١. ١-٣-٢٠٠